# تەمی ئەوین

ئارەزوو نستانی

پێخوستی پێدەشتی دڵم
مەکە کە کڕنۆش دەبەم بۆ
ئەوینت ...
کە هەموو سپێدەیەك تا خۆرئاوا
دەست لە ملی کۆڵانە تەماوییەکان
لە چاوەڕوانی دیدارت وەنەوز ئەمباتەوە
لە ژوانی ئەم کۆڵانانە مەگوزەرێ
کە بنمیچی ماڵۆچکەی ...
ئەوینم سێبەری هەورە
هەڵلا و هەنگامەی بووکە بارانێ ... لە تەك
منداڵە چەقاوەسووەکان
بۆ داباریینی فرمێسکەکانی هەور
وەڕێ مەخە
کە روو دەکەمە مەملەکەتی تۆ و
لە نیگات نوقم دەبم
روخسارتم لێ مەشارەوە
غوباری قورگم پڕە لە گریان و
تینویتیم بە سەراب .... ناشکێ
بە زمانی باران بمدوێنە
نەك پێدەشتی ... شەقاری دڵم
شەق بەرێ
چ ئافاتێکی گەورەیە
غەریبی سەراپا دایپۆشیوم و
گرێکانی هزرم یەکالا نابنەوە
لە ئامێزی بیابانی داستانە وەهمەکان....دا
گوزەر دەکەم
نوقمی هێرشی پێکدادانی وەرزی
رق و دابڕان
بەری کلاورۆژنەی دڵم
گرتووە .......
تا هرووژمی بێ هومێدی
نابووتی نەکا
کەچی لە پڕێکا هزری کۆترە هاوڕازەکانم
لە خاچ دەدرێ
تۆش بێباکانە خاڵی لە
فەرهەنگی ماناکان
لە ژێر چەتری گوماندا
مانت گرتووە
بە گومانی لە گریانی هەورو دیدەی .... من
هەور تامەزرۆیی ژوان و ماچی زەوی
فیڕاقی ئەو ئەویندارەی
وەرزەساتێکە ئاسمان بەینی کردوون
ئەیهێنێتە گریان
کەچی هەوری دیدەی من
وەرزەساتێکە
دڵۆپەکانی لە کونجی دڵی
پەنا داوە
تا لە یەکەم گەیشتندا داکاتە
سەر پێدەشتی رووحت و
فەرهەنگی گومان و ترس ڕاماڵێ
دڵنیا بە .....
ئەوە تەنیا منم
دڵم بۆتە شۆڕای شارێ
رێبوارانی شەکەتی
ناویان ناوە سەراب و
لە نەفرەتا ئەیخنکێنن
لە ناویا من دەرگیری
خەونی نەزۆك و خەیاڵی بێهوودەم
لە ساتەدرێژەکانی چاوەڕوانیدا
بە پەنجە لەرزۆکەکانم
دەنکە مرواری بە لێواری شار
هەڵدەواسم و بە بالای خەم هەڵدەزنێم
ئەو ساتەش ئەگریجەی شەو
پانتای ئەم شارە لە باوەش دەگرێ
تا ترووکانی سپێدە
لە بەر دەرگای قەلای خەون
لە یاساوڵەکان ئەپاڕێمەوە
لە تەك سەفەری پەپوولە .... سپیڕەنگەکان
لە مەملەکەتی خەون بسرەوم و
لە ڕوخساری مانگ ئاسات رامێنم
سەرسام مەبە ....
کە ماڵی خەون ماڵی ئاسوودەییمە
لە سنوورەکانی مەملەکەتی خەونەوە
ئاشنای تاڵەقژەکانی تۆم
ساتە وەختێکە
ماڵی خەون ... ماڵی ئارامییە
کەچی لە پڕێکا مەملەکەتیش خەونیش
هاتۆتە گۆ و پێم دەڵێ
لە مەملەکەتی عەشق وەدەر کەوە
تۆ درەنگ گەیشتووی لەوێ
عەشق بۆتە
دەمامکێك پەڵەی رەشی
ترس و گومان دایپۆشیوەو

**ئەوین چەشنی درەختە سەرمابردووەکان**
**وەرزی زوقم**
**کردوویە بە سەهۆڵ بەندان و لمستان**
**تیادا نوقم دەبێ و**
**لەو دیو سنووری تەنیایی**
**خۆت ئەدۆزیتەوە**
**ئەوێ بۆتە مەملەکەتی خەڵەتاندن**
**تەنیا شەمشەمەکوێرە گوزەری ئەکا**
**مەملەکەتی شەڕەو**
**مرۆڤەکانی دیلی گومان**
**ئەستەمە جمانی ئەوین**
**لە وڵاتی چەقۆ**
**پێم ئەڵێ**
**بێدەنگی فەنای نەکردووی**
**هەڵکوڕمانی بەردەم فاڵچیەکان و**
**پرسەی گەڵا خەزانیەکان و**
**بەخشینی رۆحیان بە چنگی رەشەبا**
**رامان لە خۆر تا ئاوابوون**
**ئەژماری کلوە بەفرەکانی وەرزی زوقم**
**دیمەنی گوڵە بێرەنگەکان**
**شەکەتی نەکردوویی**
**پێم ئەڵێ ...**
**لە نزا بگوزەرێ ... تۆ و ئەو**
**چەشنی دەریا و کەناری دووردەست**
**لە هیچ خۆرئاوایەکدا .. ژوانی یەك ناکەن**
*******

# برۆ

لە شاری دڵ برۆ دەر بە جێم بهێڵە دەریا
چیتر پێدەشتی هیوام بە خەم مەکێڵە دەریا
چەقۆی رەشی ئەوینت مەلی هەڵبەستی کوشتم
چاوگەی قەول و بەڵێنت دەمێکە لێڵە دەریا
ئێستاکە شەرمەزارم وشەی پەخشانە شێعرم
هەر چونکە ناوی تۆیان لە سەر تەوێڵە دەریا
تراویلکەی بزەت بوو لەم قاقڕەی ئەوینە
نەیهێشت بزانم وەرزی وەفات پڕفێڵە دەریا
شێعرم دەچێتە شوێنێك وەفا و عەشق لەوێ بن
پێت وانەبێ کە هەروا لە دووی تۆ وێڵە دەریا
خەمبارو تووڕە ئەمشەو دەفتەر وتی بە پێنووس
تۆ خوا چیدی مەنووسە لە سەر "ئەم هێڵە" دەریا

**رەسووڵ سوڵتانی**

مودەتێکە لەدەریای غەمی دووریتا
وەك کەشتیەکی بێ ناخوودا
شەپۆل ئەملاو ئەولام پێدەکا...
خەونی شەو وخولیای رۆژم،
ئەی تەکیەگا ورووگەی نوێژم،
وا رووباری چاوەکانم هەردوو وشك بوون
فرمێسك نەما بۆت بڕێژم!
ئاخ...
خۆزگە دەمزانە کەنگێ،
زنجیری پۆڵایینی نێوانمان دەپچڕێ و
دیدەم بە دیدەت شاد دەبێ!
خۆزگەیە وبەس...
ئەی ئەو کەسەی ئاگری دووریت سینەمی کردوە بە قەقنەس!

**ئەحمەد زامدار**
**ئۆردووگای رویشد ـ ئوردون**